مۆستەزادێک لە مامۆستا نالی (١٨٠٠-١٨٧٧)

سەبارەت بە زیارەتی خۆی لە مزگەوت و مەزاری پێغەمبەری ئیسلام (د.خ)

| | |
|---|---|
| ئەی تازە جەوان! پیرم و ئوفتادە و کەوتووم | تا ماوە حەیاتم |
| دەستێ بدەرە دەستی شکستەم، کە بەسەر چووم | قوربانی وەفاتم |
| تۆ یووسفی نەو حوسنی لەسەر میسری جینانی | من پیرم و فانی |
| لەم کولبەیی ئەحزانە نە زیندووم و نە مردووم | هەروا بە تەماتم |
| فەرقێکی نەکرد نەفسی نەفیسم بە عینایەت | وەحشی لە ویلایەت |
| لەم گۆشەیی وێرانەیە هەر مامەوە وەک بووم | وەیشوومی وڵاتم |
| ئەی قوببەیی تەیبە کە دەڵێی حوققەیی تیبی! | مەئوایی حەبیبی! |
| مسکێنم و بۆ خاکی عەترناکە کە هاتووم | بەو بۆنەوە هاتم |
| هەرچەندە کە من عەبدم و ڕووزەردم و عاسیم | مەئمولە خەلاسیم |
| قوربانی بیلالم کە هیلالانە هەڵاتووم | هەر عەفوە خەڵاتم |
| موددێکە کە هەم گەردشی دەورانی سوپیهرم | موغبەڕ بووە میهرم |
| ئاوێنەیی دڵ شاهیدە هەرچەندە سییەهـ ڕووم | میرئاتی جەلاتم |
| ئەی مەسجید و میحرابگەهت قیبلەیی حاجات | بۆ ئەهلی موناجات! |
| مەحجووبی هەوام و، ئەمەتە مەشهەدی مەعلووم | بۆ ڕاهی نەجاتم |
| ئەی مەتڵەعی ئەنواری هەموو قاسی و دانی | شەمسی سەمەدانی |
| وەک زەڕڕەیی بێجیلوە نە مەوجوود و نە مەعدووم | جۆیایی بەراتم |
| لەم خاکی دەری ڕەحمەتی بێزەحمەتە، نالی | فیردەوسە مەئالی |
| حاشا کە لەمێدا ببمە سائیلی مەحرووم | هەرچەند لە عوساتم |